**بیری بەرین** **ڕەحمان سۆفی**

بەچاوی سووکم تێ مەڕوانە

جێ نەماوم ، دانەماوم ،

لە چۆنیەتی ژیان تێڕاماوم

باخەوانی پەنجا وەرزم

بیری بەرینم بەربڵاوە

کەوشەنم بەزاندووە

هەزاران داوم پساندووە ،

لە هەزار ئاوم داووە،

هەزاران نا پیاوم بەزابدووە

هەنگاوم بەرزە،

تا هەناسە وگوڕم ماوە،

پەلکە زێڕینەی ژیانم

لە ڕوانگەی ڕوون لە بەرچاوە

بەهەستی پایزە سەرەوە

شەیدای دووبارە بەهارەم

لە کوێستانی تێڕامان دا

تۆوی ئەندێشە دەچێنم

لە ڕووباری گلێنەوە

دڵۆپ دڵۆپ ئاوی ئەدێرم

ئاوەنیای ژین دە بووژیەتەوە

وەرزی شادیم نوێ دەبێتەوە